# تێكه‌ڵ و پێكه‌ڵ

## پیاو لۆ خوای بڕێ

شوان غه‌مبار



### میرات

له‌چاوپێكه‌وتنێكی ته‌له‌فزیۆنیداكچه‌بێژه‌رێكی‌نیوه‌ڕووت لێی پرسیم: كاك شوان زه‌مانی ئێوه خۆشه‌ویستی چۆن بوو؟

هه‌هوو.... حه‌یران له‌ دووره‌.. چما ئه‌مه‌ ئه‌و كاته‌ی كه‌ گه‌نج بووین له‌به‌ر شه‌ڕی عێراق و ئێران و ترسی عه‌سكه‌ری فیراری و ڕاوه‌ڕاوی جه‌یشی شه‌عبی كونه‌مشكمان لێ ببوه‌ قه‌یسه‌ری، خۆشه‌ویستی چی و حاری چی..؟ شایی و گۆڤه‌ند یاساخ بوو، هه‌نده‌ی هه‌یه ئه‌وه‌ی ئه‌سیركرابا ناوی هاتبووه‌ له‌خۆشیان شاییان لۆ ده‌گێڕا دۆره‌نگێو زوڕناژه‌ن نانیان بڕابوو..

ڕات چییه‌ به‌رامبه‌ر گه‌نجی ئێستا؟

نارێم هه‌موو زۆربه‌ی زۆریان ئاگایان له‌ مه‌حمووی بی زه‌واڵ نییه‌- گۆرانی توركی عاره‌بی و هێڕوگێژی كردوونه‌!

له‌ خوێندن دواكه‌وتوون شه‌وورۆژ مۆبایلیان به‌ بن گوێ وه‌یه‌، حه‌زیان له‌ سواری مانتۆڕه‌و سه‌یاره‌ له‌ (١٢٠) كۆرانان داژۆن، هه‌تا تووش نه‌بن نایه‌نه‌ هۆش خۆیان..

ئه‌ی زه‌مانی ئێوه‌ خۆ مۆبایل نه‌بوو؟ چۆن له‌گه‌ر قلی خۆتان قسه‌تان ده‌كرد؟ پێكه‌نیم و گۆتم: له‌خوا به‌زیادبێ ئه‌و كاته‌ چ زۆره‌ سۆنده‌ زۆر بوو به‌ سۆنده‌ قسه‌مان له‌گه‌ر یه‌كتری ده‌كرد..



## ژێركاتێر





## پاشماوەی خەبەر عاجیل

پەیامنێرمان یەکتۆز لەولای مەریخەوە ئەم خەبەرە عاجیل و گەردونییەی بۆ فرێداینە خوارەوە، ئەمەش دەقی خەبەرە عاجیلەکەیە:

ئاگادارییەک بۆ هەموو دانیشتوانی سەرزەوی، بە پێی زانیاری ئەو کەشناسانەی کە هەمیشە لە بۆشاییەکانی ئاسماندا خەریکی پیاسەکردنن، سەلماندویانە گوایە: هەسارەیەکی بێ ڕەقەم بە سورعەتی مۆنیکا جام ڕەشەکانی لەمەڕ خۆمان، بەرەو ڕووی زەوی بەڕێوەیەو ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٦ دەگاتە جێ و کارەساتێکی مێژوییمان بەدیاری بۆدێنێ، وەلەو حاڵی حازر ناشزانم ئەمڕۆ چەنی مانگە؟ بەڵام جارێ بچنە پاشماوەی خەبەر عاجیل و دواتر مشورێکی خۆتان بخۆن..




## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لەڕۆژێکی وەک دوو هەفتە لەمەوپێشداو لەبەرواری شانزە لەسەر دوانزەی مانگی دز بگرن چی لێدەکەنی ساڵی دەستخۆشیی لێدەکەندا، دەرگای قوتابخانەو خوێندنگاکانی هەرێمی کوردستان کرایەوەو کتێبی زەمانی ئەسحابولکەهفیان دابەشکرد بەسەر خوێندکارەکانداو کتێبە تازەکانیشیان خستە زیندانی مەغزەنەکانەوە، پاشان بردنیانە بازاڕی عەرعەرو بە کەفالەت فرۆشتنیان!!

٢. لە بەرەبەیانێکی وەک عەسرداو لە ڕێکەوتی شەشی شەشەڵانی ساڵی دووهەزارو یاسای سوێرو بەلەزەتی هاتوچۆدا، لە ترافیک لایتەکەی ئیسکانی شاری هەولێر، شێتێک خۆیکردبوو بە پۆلیسی هاتوچۆو ئیعازی دەدا بە سەیارەکان، پۆلیسێکی هاتوچۆش لە تەنیشتیەوە ڕاوەستابوو قاقاقاقا پێدەکەنی!!

٣. لەڕۆژێکی وەک ئەمشەوداو لە بیست و دووی گەلاسەوزانی ساڵی لە پیلکە دەرچونی بڕیاریدا، حکومەت هەڵمەتێکی کرد بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەتایبەتی بۆ خانمان، خانمانیش لەخۆشی ئەو لوتف و مەرحەمەتەی حکومەتەوە چونەوە بەر خویندن و زۆربەیان خویندنیان تەواوکرد، بەڵام حکومەت پێیاندەڵێ: تەمەنتان گەورەیەو تەعینات شمولتان ناکات!!

# چێشتی مجێور




## نوکتەی سەفەری

* کابرایەکی رەزیل دیواری ماڵەکەی بۆیاغ دەکات،بۆیاغەکە تەواو دەبێت،کەچی هێشتا دیوارەکە تەواو بۆیاغ نەکراوە،کابراش لە رەزیلیان لەسەر ئەو شوێنەی کە بۆیاغ نەکراوە بە گەورەیی دەنوسێت(هتد!!!۰۰۰۰).

* لە مەرێکیان پرسی چۆنە تا ئێستا نەکرایتە قوربانی؟ مەرەکەش وتی: لەنفوس خۆم بەجاشک نوسیوە!

## خۆت مەشغوڵ بکە.. بەڵام دوای دەوام

## ئا: ئوستاز رفعەت




**دووربێ لە رووتان بە پانی/**

١- موعارەزە بەچی لە دووای عەیب و عار دەگەڕێ.
٢- ئارام لیبڕاوەکان نییانە.
٣- (باو)ی تیکەڵاو.
٤- هەر (بێڵ)ە لە سە وەزنی تێلیناس.
٥- لەبەفرو باراندا تاقیبی کە - لە ناو (لەنگە) بۆی بگەڕێ.
٦- پێش ماڵی مەنسولەکان چی لێدەکرێ؟- پ – حەموومان-پ-.
٧- (پرچی) لە سلێمانی.
٨- ژمارەیەکە لێی مەترسێ بڵێ(..)-پ-.
٩- دەستووری رەسەنی خۆمانە.

**بیلامانێ بە درێژی /**

١- عاشقە لێکدابڕاوەکان دەینۆشن.
٢- سەرمان بخوا هیچی تیا نییە.
٣- موو-پ-.
٤- گەنمی پێ حیساب و کتاب دەکرێ-پ-.
٥- (نەرێ)ی عەرەب.
٦- رەقەمێکە، وەک مانگێکی رەبەقە-پ-.
٧- بەس مەراقی خواردنە.
٨- عەینەن یەکن- بیلامەعنا(لەبن).
٩- کەوچک لە هەولێر- لاعیبێکی بیانی تۆپی پێی بەناوبانگی موهیمە.




حلی ژمارەی پێشوو
بۆ (نەریمان ئەحمەد قادر) دەرچوو




## دیمانەی گەپ

### ئاسیاتلیکۆم

فەرهاد فره ڕێس

گەپ/ ئەم کاتەت باش
ئاسیاتلیکۆم/ سوپاس بەشداربوی بەڕێز
گەپ/ دەمانەوێ بزانین جەنابت کێی؟
ئاسیاتلیکۆم/ من نوێنەری هەردوو کۆمپانیای ئاسیاو کۆرەکم!
گەپ/ ئێوە خەریکی چین و ئامانجتان چییە؟
ئاسیاتلیکۆم/ ئێمە جیهان بچوک دەکەینەوە
گەپ/ ئەگەر جیهان بچوک بێتەوە ئێمە چیمان لێدێ؟
ئاسیاتلیکۆم/ ئێوەش دەنگتان بیستراوە.
گەپ/ باشە ئەو هەموو نامەیە چییە دەینێرن بۆ بەشداربوان؟
ئاسیاتلیکۆم/ گیانەکەم ئەوە هەمووی خەلاتە!
گەپ/ ئەی ئەگەر هەمووی کلاو بووە؟
ئاسیاتلیکۆم/ ئەوەیان هەڵەی سیستمە!
گەپ/ ئەی بۆ هیچ کاتێک بە هەڵە کارتێک نانێرن بۆ کەس؟
ئاسیاتلیکۆم/ وەڵامی ئەو پرسیارەی داواتکردوە لە دەرەوەی بازنەیە.
گەپ/ وتیان بەشداربویەک لەپرسەی باوکیدا نامەی ئێوەی بۆهاتوە!
ئاسیاتلیکۆم/بەڵێ بەڵێ ئێمە هاوبەشی غەمی هەموتانین.
گەپ/ ئاخر نامەکەی جەنابتان پرسەنامە نەبوو.
ئاسیاتلیکۆم/ ئەی چی بوو؟
گەپ/ نوسرابوو: خۆشترین میلۆدی هەڵبژێرە.
ئاسیاتلیکۆم/من دەرۆم تکایە دواتریش پەیوەندی مەکەرەوە!!

## بەزمی ڕۆژ



ژمارە 128
28-9-2011






Basam rasam

باسم رەسام

هەولێر